کۆمسیۆن: تا ئێستا 101 سکاڵای هەڵبژاردن وەرگیراوە

ئەمڕۆ پێنجشەممە، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕایگەیاند، ژمارەی سکاڵاکان سەبارەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق گەیشتووەتە 101 سکاڵا.

جومانە غەلای، وتەبێژی کۆمسیۆن بەپێی ئاژانسی هەواڵی فەرمی کە موتەبع بەدواداچوونی بە کردووە ڕایگەیاند: تا ئێستا ژمارەی سکاڵای پێشکێشکراو سەبارەت بە ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمان گەیشتووەتە 101 سکاڵا.

ئاماژەی بەوەشکرد : سکاڵاکان دابەشکراون بەسەر 44 سکاڵا تایبەت بە دەنگدانی تایبەت و 57 سکاڵا تایبەت بە دەنگدانی گشتی، پشتڕاستیکردەوە کە لە ئێستادا ئەم سکاڵایانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.